# نامەیەکی کراوە بۆ بـــەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی هەرێم

بە ســڵاوێکی گەرمەوە لێم قبول بکە دەردە دڵێکت بۆبنوسم

٢٠٠٩/٧/١٦بۆمــن وەکــو پێشــمەرگەیەکی دێرین(دێرینێکــی هــەردوو شــۆڕش) ڕۆژێکــی یــادەوەری و پڕئومێد بوو کە پێشــمەرگەیەکی دێرینــی ســەرکردە لە گــەڵ کۆنــە یاوەرەکانی کۆدەبێتەوە کەبەشــێکی زۆریــان یەکەم جارە لە نزیکەوە دەیبینن یا لەکۆری ئەودا دادەنیشن چونکــە ســالانێك لە ســەنگەری ڕوو بە ڕووی حزبەکەی ئەو دابوون .٠ ئومێد دەخوازم ببڕای بڕای دوبارە نەبێتەوەو لە لاپەرەکانی مێژووش ئەم باســە تە رك بکری . لەوتارەکەیدا شانازیان پێــوە دەکات وبەمایــەی فــە خرو ســەربەرزی میللە تیان ناو دەبــا منیش حەزم دەکرد لە وێ بومایە بەقەولی پێشــینانی کورد (مردن لە گەڵ هەڤاڵان جەژنە پیرۆزەیە)بــەلام لەبەر واجبێکی زەروور بــۆ بانگەشــەی هــە ڵبژاردنی لیســتی کوردســتانی وسە رۆکایەتی هەرێم بۆم نەگونجا لەم بیرەوەریەدا بەشدار بم .

بەڕێز کاك مەسعود:

بەڕێزتــان لــە پایــەی حزبیــدا ســەرۆکی (پ . د.ك )ولــە کاری حوکمرانیــدا ســەرۆکی هەرێمی کوردســتانن ئومێدم وایە (ودڵنیاشم ) ئەمجارەش بەدەنگێکی زۆر دەبنەوە سەرۆکی هەرێم .، شەخســی خۆم حەز دەکەم و وەکو کادیری (ی .ن .ك ) یش فەرمانێك جێ بە جێ دەکــەم ٠ داخی گرانم زۆری نەبرد ئەم هەموو تامەزرۆییــەم ســارد بــوەوە بۆ بەشــداربوون لەودیدارەدا بە بینینی شاشــەی تەلەفزیون و دەرکەوتنی هەندێ چرچاوی ســەیر کە شــیا وی ئامادەبــون لــەم کۆڕەیان نەبــوو ٠ .دڵنیات دەکەم لێرەدا مەبەســتم کەسانێکی دیاری کراو نین کــە بچوکترین گلە یی شەخســیم لە گەڵیان هەبــێ.٠ هەرچەنــدە بەڕێزتــان و جەنابی مام جلال ســەرۆکی ئەم گەلەن بە بــاش و خراپەوە دەســەلات و ما فی خۆتانە بۆبینین وســەردانی هەمــوو تاکێکــی کۆمەڵگــا بەتایبەتــی دوای ئاشــت بونــەوەی گشــتی ســاڵی ٩٩١ .، بەلام شــتێکی یاســا ییە هەرکەســە لە خانەو شوێنی خۆی حســابی بۆبکرێ ٠ ئەوەی بەلای ئێمەوە سەیرەو بۆمان هەیە بپرسین ئایا هیچ خوێندنگا و کۆلێژێك بڕوانامەی خۆی دە بەخشــێتە ئێمە بە هەردوو بەڕێزیشتانەوە..........؟

ئایــا دەتوانــین بڕوانامــەی پزیشــکی ،ئەندازیاری، مامۆستایی ،تەنانەت برین پێچیش وەربگریــن کەلایەنی کەم هــەر یەکەمان برینی سەختی دەیان شەهید و برینداری پێشمەرگەی لــە خوێــن گەوزاومان پێچاوە،،،؟ ئایــا ڕێگە بە پێشــمەرگەیەکی دێریــن ((بــا زۆر خویندەوارو شــارەزاش بێ )) دەدەن لەکۆڕو کۆبونەوەی پزیشــکان ،پارێزەران ،دادوەران ،ما فناسان یا مامۆستایان بەشــداری بکات ...........؟ئەدی بۆچی ڕێگە دەدەن بڕوانامەی بەرزترین و پیرۆز تریــن دانشــگای خوێن و تەمەن بەخشــین هە رزان فرۆش و کەم بایەخ بکرێ !!؟

ئەدی بەڕێزتان بۆچی ڕێگە دەدەن کەسانێك لەم کۆڕە دابنیشن کە نەك هەر پێشمەرگەی دێرین نین بەلکو لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش تاکە ڕۆژێك پێشمەرگایەتیان نەکردوە مەگەر بۆ بەرژەوەنــدی شەخســی بوبن بەکاســە لێس و ماســتاوچی و خۆیان خزاندبێتە ماڵە بەرپرسێك ؟. ئەمــە جگــە لــەوەی تــا ڕوژی ڕاپەڕیــن ماڵەکانیــان دیوەخانــی جەللادەکانی بەعس و زۆڵە کوردە کــورد کوژەکان بوو..........!

تائەو ڕۆژە ش پێشمەرگەیان بە جاش وسەر لێ شــێواو و سەرکردایەتی شۆڕشــیان بە نۆکەری بێگانــە وخائــن و( جیب العمیل ) نــا ودەبرد بۆ خــۆش خزمەتــی دیوەخانــی ئاغاکانیــان.٠ .

داخەکەم لەم کۆڕەدا گەلێك پێشمەرگە وکادیری یەکێتــی ی و پارتیــم دەبینــی کە لــە دێرینیدا دەمــوو چاویان هە ڵقرچا بــوو لە چرچ ولۆچی ســەرڕوومەتەکانیان نەخشــەی دۆڵ وچیاکانی کوردســتان بە دی دەکرا ،کەچی لەو لاشــەوە ڕومەتی گەش و حەســرەت نەدیتوی کەسانێکم بەر چــاو دەکەوت بە ســەرو سمێڵــی قەترانی وســنگی دەرپەڕێنــراو شاشــەی تەلەفزیۆنیان دادەپۆشــی کــە لــە درێژایــی تەمەنیــان یەخــەی کراســێکیان بۆ شــۆڕش وکوردایەتی چڵکــن نەکــردوە .......! دڵنیابــە ئەگــەر من چەنــد کــەس لەم کەســانە بناســم یــا ببینم لە ناوچەکانــی تریــش کەســانی تر دەناســرێن.٠

ئایــا ئەمــە زوڵم نیــە لەخۆتــان ولــە ئێمــەش ........!؟

جەنابتان ئاگادارن لە بازاری کڕین وفرۆشتن لــە وولاتانــی پێشــکەوتوو بــۆ هەمــوو کالایەك یــەك ( ســەنت ) یــش نرخــی هەیــە ، ئێوەش کە دەســەلاتتان هەیەو بەرپرســن ڕێگە مەدەن بڕوانامەی خۆتان و وئێمە بەم شێوەیە لە مەزاد خانەکاندا هەراج بکرێ..

کاکی بەڕێز سەرۆك و پێشمەرگەی دێرین :

دەگونجــێ بەڕێزتــان ئاگــاداری ئــەم وردەکاریانــە نەبن بەلام هەندێ لەبەرپرســەکان بۆ ئــەوەی خۆیان بەکەم نیشــان نــەدەن ولای جەنابــت بــە بچوکــی نەبینرێن بە ڕیــز کردنی ســەیارە مۆدیــل بالاکانــی ئەم جۆرە کەســانە خۆیــان نما یش دەکەن و کورســی لە د یوانی بەڕێزتــان پــڕ دەکەنەوە و ڕێگەش لە هەندێ تێکۆشــەری دڵســۆزو ماندوی دژ بــە میزاجی خۆیان دەگرن.٠

داخــی گــرانم ئــەم عەقڵــە لاوازەو ئــەم بی ویژدانــی وبەر چــاو تەنگیە لە بەرپرســیارەتیدا گەلێــك جــار لای ئێمــەش بالادەســتە . خوزگــە بــۆ هــەزاران پێشــمەرگەی دێرین هەر لــە ماڵەکــەی خۆتــان تەنهــا ( ١٠) دەقیقە تان تەرخان دەکرد و شــریتی عومری رابردووتان دەهێنایــەوە بەرچــاو (کەدڵنیاشــم چونکــە زۆرجــاران لە وتارەکانتدا ســەرنج دەدەم زیاتر لە بەرپرســانی تر گرنگی بە ناو هێنانی ووشەی پێشــمەرگە دەدەی ) ئــەو کاتــە دڵنیاتر دەبوم قبوڵــت نەدەکرد کۆنە مە فــرەزە خاصەیەکی چنگ بە خوێن یادەلاڵ وسیخوڕێك........ بەڵێ ســیخوڕێکی بەعســی بە تەرازووی خۆت وئێمە پێوانە بکرێ .٠

خۆزگە ناخی دەرونــی ئێمەت دەخوێندەوە ولــەو بوارەشــدا دەبویــە ســەرۆکی غەمخۆری ئاواتەکانــی پێشــمەرگە دێرینــەکان .٠ تێ بینی : بە هە ســتکردن بە بەرپرســیاربون و ڕەچــاو کردنی بەرژەوەندی گشــتی بە باشــم نەزانــی پێش هەڵبژاردن بلاوبکرێتەوە . بە ڕێزو حورمەتی دوبارە..

پێشمەرگەیەکی دێرین

ئێوارەی ٢٠٠٩/٧/١٦